دەست و چاوتان خۆش

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

بێچووە چۆلەکە

سۆلاڤ لە باخچەکەی ماڵی خۆیاندا بەچکە چۆلەکەیەکی بینی کە لە هێلانەکەی کەوتبووە خوارەوە. هەڵیگرتەوەو خستیە قەفەزێکەوە. بەڵام چۆلەکەکە لەقەفەزەکەدا زۆر دڵتەنگ بوو. پاش کەمێك دایکی سۆلاڤ بانگی سۆلاڤی کرد: سۆلاڤ سۆلاڤ ، سەیری ئەو درەختە بکە کە هێلانەکەی لەسەرە، ئەها چۆلەکە دایکانەکە دەڵێی شتێکی لێ ون بووە، سەیر کە چەند گوناهە. سۆلاڤ وتی: دایەگیان، بەچکەکەی کەوتبووە خوارەوەو زۆر برسی و ماندو بوو، منیش هێنامەوەو وتم بۆ خۆم بەخێوی دەکەم تا گەورە دەبێت. دایکی وتی: کەواتە بۆ بەچکەکەی وا دەکات. نەدەبوایە وات بکردایە. تۆ ناتوانیت بەخێوی بکەیت، چونکە هەر کەسەو دایکی خۆی بەخێوی دەکات. ئیتر سۆلاڤ بە بێدەنگی بەچکەکەی خستەوە ناو هێلانەکەی.

هێشوو ئاودێر رەشید
پۆلی: چواردەم
تەمەن (٩) ساڵ
قوتابخانە ژیلوانی بنەڕەتی

گێلاس

من گێلاسم گێلاسم
میوەیەکی زۆر خۆشم
زۆر بەتام و شیرینم
میوەی وەرزی هاوینم
هەردەم روگەش و جوانم
بۆ ئێوەی منالانم
سودم زۆرە بۆ هەمووان
بەتامم وەك میوەکان
وردیلەم هەروەك ئێوەم
سورم هەروەکو لێوم

کازیوە ئەمین محەمەد
پۆلی: شەشەم
خانەی نەورۆز بۆ ڕۆشنبیری منالان

مانگا

ما ما مانگایە
حەزی لە سەوزەگیایە
بەچکەکەی گوێرەکەیە
وەکو خۆی نەرمۆکەیە
بەرهەمی یەکجار زۆرە
پەنیرو شیرو کەرە
باوکی بێچووەکان گایە
هەروەکو مانگا وایە
خیزانێکن بەختەوەر
بۆ یەکتر یاریدەدەر

سۆنیا سالار محەمەد عەزیز
(٩) ساڵ
قوتابخانەی ئیبراهیم پاشای بنەڕەتی